# فایەق بێکەس



عبد الله بابە علی بەرزنجی

ەوەکەمان وەك هەموو نەتەوەیەکی سەر رووی ئەم زەمینە خاوەنی
ێ تایبەتی خۆبەتی‌و گەلی کوردمان لە سەرانسەری کوردستان‌دا بەگەلێ
جیاجیای رۆشنبیری تێپەڕیوەو نووسەران‌و شاعیرانمان بەپێ‌ی بارو
ئەو قۆناغانەی کە تی‌ی دابوون‌و یا باشتر بڵێین تیایا ژیابوون، بیرو
ی خۆیان بۆ نەوەی دوای خۆیان خستۆتە ناو دوو توێ‌ی نانی گەرم‌و
، هەڵگرتووە.. ئەو کۆشك‌و باڵەخانە بەرزە بێ هاوتایە شیعری‌و
ەیان بۆمان دروستکردوەو بنچینەیەکی پتەویان بۆ داڕشتووە، هەریەکە
ئەو بناغە کۆنە پتەوە خشتی خۆی خستۆتە سەرو بە بێ رووخان‌و لەق‌و
دوو دڵی بۆمانیان جێ‌هێشتووە...
واتە تا هاتووە خانوو باڵەخانەی ئەدەبیان هەر بەرز بۆتەوەو تا بۆتە ئەو
ە لەبن نەهاتووەی ئێستا کەدەی بینین‌و دەی‌خوێنینەوە... کە واتە
پڕ باڵای نەتەوەی کوردمانە لە کوردستان‌دا..
عیران‌و نووسەرانمان رۆڵەی راستەقینەی نەتەوە هەژارە بێ‌کەسەکەی
ن‌و شاعیری راستەقینەش هەڵبەتە هەست بە ئەرك‌و ئازاری
کەی دەکاو خۆی لێ جودا ناکاتەوە... گەلی کوردمان لە سەرانسەری
تان‌و بە پێ‌ی ئەو شوێنە (جغرافی)یەی کە کەوتۆتە نێوان چەند
یکی جوێ جوێ لە رووی فیکری‌و چۆنیەتی ئابووری‌و سیاسی‌یەوە...
ەرچەندە باری گوزەرانی ژیانی رۆژانەی ناخۆش بوبێت‌و بەرەو تەنگ‌و
ە رۆیشتبێ بەڵام خوێندەواران‌و شاعیران‌و رۆشنبیرانی توانیویانە زوبانە
کەی تۆمار بکەن‌و لە مەترسی بیپارێزن. هەر چەندە بنچینەی
ەواری لە سەرانسەری کوردستاندا بەزۆری لە حوجرە تاریکەکانی پەناو
ی مزگەوتەکان بووەو مامۆستا ئاینی‌یەکان زۆربەشیان ئەو ئەرکەیان
فەرامۆش کردووە بەڵام دەماو دەم بەهۆی گەڕان‌و سوڕانەوەیانەوە لە شارو
دێهاتەکان چ بەدوای خوێندن‌و چ بۆ نان پەیدا کردن توانیویانە یەکێتی‌یەکی
رۆشنبیری لە سەرانسەری ناوچەکانی کوردستان ئاڵوگۆڕ بکەن.

با بێینەوە سەر بێ‌کەسی شاعیرمان. ناوی فایەق کوڕی عبد اللەبەگ کوڕی
کاکە حەمەی کوڕی «ئەلیاسە قوچە»یە لە قەڵاچواڵانەوە رووەو سلێمانی
هاتوون... نازناوی «بێ‌کەس»ە لە ساڵی ۱۹۰۵ لە گوندی «سیتەك» کە
نزیکەی ۲۰ کیلۆمەتر لە باکوری رۆژ هەڵاتی سلێمانی‌دا چاوی هەڵهێناوە...
سیتەك ئەوسا مەڵبەندی قەزای شاربازێر بووە، عبد اللە بەگی باوکی بێ‌کەس
لەوێ‌دا «تابور ئاغاسی»بووە بێ‌کەس لە دایکیشەوە دەگەڕێتەوە سەر
ئاغالەرەکانی سلێمانی. بێ‌کەس ساڵی یەکەم‌و دووهەمی تەمەنی لە سیتەکدا بە
سەر بردووە. پاشان باوکی ماڵی بۆ شاری سلێمانی بارکردووە..

هەر بە منالی باوکی ناویەتیە بەر خوێندن لە حوجرەدا. لە ساڵی ۱۹۱۱دا
باوکی بە ئیشی میری نێردراوە بۆ خانەقین‌و پاشان بۆ بەغدا، پاش ماوەیەك عبد
اللە بەگ بە دوای ماڵ‌و منالی دەنێری بۆ بەغدا دەیانگوێزێتەوە دوای ساڵێك
بۆ تورکیا چووەو ماڵ‌و منالیشی هەر لە بەغدا هێشتۆتەوە ئیتر بێ‌کەس چاوی بە
باوکی ناکەوێ پاش‌ماوەیەك حەمە سەعیدی براگەورەی لە رووباری دجلە
خنکاوەو دایکیشی کۆچی دوایی کردووە.

بێ‌کەس لای خاڵی دەژیا هەتا ماوەیەك ئینجا خاڵی دەمرێ‌و فایەق‌و
تاهیری برا بچووکی بە بێ‌کەسی دەمێننەوە... لە بەغداش وردە وردە
دەخوێنن‌و لای حەبەخان ناوێك دەبن کە خێزانی ئەفسەرێکی خانەنشین
بووە..

لە ساڵی ۱۹۱۸دا دەگەڕێنەوە بۆ شاری سلێمانی‌و لەلای حاجی ئەمینی

مامیان دەمێننەوە. بێ‌کەس لە سلێمانی‌دا دەست بە خوێندن دەکات‌و لە پۆلی سێهەم وەردەگیرێ‌و تا ساڵی ١٩٢٣ لەسەر خوێندن بەردەوام بووەو هەموو ساڵێ بە یەکەم دەرچووە. لە ١٩٢٣ لەسەر ڕەزامەندی مامی چووەتە خوێندنخانەی (علمية) لە شاری کەرکوك‌داو وا دیارە بۆی نەلواوە بخوێنێ بۆیە دەچێتە بەغداو ساڵی ١٩٢٤ – ١٩٢٥ لە (دار العلوم) دەمێنێتەوەو لەبەر دەم بژێوی توانای ژیانی نابێ‌و لە ١٩٢٦ – ١٩٢٧ دا بۆ سلێمانی گەڕاوەتەوە. ئەوسا سلێمانی تا پۆلی یەکەمی ناوەندی تیا بووەو بە ناچاری خۆی دەگەیەنێتێ.

بێ‌کەس پیاوێکی کاسبیش بووەو دوکانی جگەرەی داناوە پاشان جگەرەو شخاتەی فرۆشتووەو، لە ئەشغالی ڕێگەی عەربەت – سلێمانی کاری کردووە.

لە ١٩٢٨دا دەبیسی باوکی لەمەرعەش گیانی سپاردووەو لە ١٩٣٠دا بەرەو مەرعەش کەوتۆتە ڕێگاو توشی زۆر گیروگرفت دێت‌و میراتەکەی باوکیشی دەست ناکەویت‌و بە نائومێدی بۆ سلێمانی گەڕاوەتەوە..

لە ساڵی ١٩٣٠دا ڕاپەڕینە خوێناوی‌یەکەی ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلول رووی‌دا لە دژی هەڵبژاردنە ساختەکەی دام‌و دەزگای ئەوسا. مامۆستا بێ‌کەس یەکێ بووە لەو نیشتمان پەروەرانەی کە بەشداری ئەو خۆپیشاندانەیان کردو بگرە سەرکردایەتیشی کردووە بە شیعرە خوێناوی‌یەکانی‌و کۆمەڵانی خوڵکی بە هەموو چینەکانیەوە هان‌دەداو گڕی لە جەستەی دوژمن بەردەداو ئەوە بوو شەرەف‌و ویسامی برینداری خۆی وەرگرت‌و بە گوللەی خۆ فرۆشان بریندار کراو لە بەندیخانەش توندکرا... شیعرە بە ناوبانگەکەی (ئەی وەتەن مەفتونی‌تۆم...) لە بەندیخانەدا وتویەتی کە هەتا هەتایە هەر تازەیەو تازەش دەبێتەوە بێ ئەوەی وەك خەنجەری دەبان لەلای وەستاکانی کۆیەدا زاخاوو مشتوماڵ بکرێ. لە ئەنجامدا لە سەرکاریش لای دەبەن...

که لە بەندیخانە دێتە دەرەوە قوتابخانەیەك دەکاتەوە تا دەرزی منداڵانی تێدا بڵێتەوەو پێ‌ی بژی.

لە ساڵی ١٩٣٣دا بە مامۆستا وەری‌دەگرنەوەو دەینێرن بۆ مورتکەی بازیان‌و پاشان تەوێڵەو لە ١٩٣٥ یشدا بەشداری دەورەیەکی مامۆستایانی لەبەغدا کردووە تا ببێتە مامۆستای ئامادەیی.

لە ساڵی ١٩٣٧دا بێ‌کەس لە سلێمانی‌یان دوور خستۆتەوە چونکە میری نەی دەویست مامۆستاو شاعیرێکی وا نیشتمانپەروەرو نەترس لەو شارەدا هەبێ‌و بیروڕای کوردایەتی بە هۆی شیعرە بڵێسەدارەکانی لە ناو کۆمەڵانی خەڵك‌دا بڵاو بکاتەوە بۆیە دەینێرێ بۆ حلەو پاشان بۆ عیمارە، مامۆستا بێ‌کەس بەو حاڵە قایل نەبووەو دەست لە کارەکەی هەڵدەگرێ‌و بۆ شاری سلێمانی گەڕاوەتەوەو دیسان لە ١٩٤١دا قوتابخانەیێکی‌تر دەکاتەوەو دەرزی تیا دەڵێتەوە.

ئینجا میری سەر لە نوێ دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەرکارو مامۆستایی... دەی
بۆ قەراخ‌و سورداش‌و هەڵەبجەو لە ١٨ / ١٢ / ١٩٤٨ دا.بۆ یەکج
ماڵ‌ئاوایی لە کوردو کوردستان کردو دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت‌و چ
لێك ناو گوایە بە (زەخت) ئەوژمی خوێن مردووەو تەرمەکەی لە هەڵەبجەو
سلێمانی گواسترایەوەو لەگۆڕستانی گردی سەیوان‌کە ئارامگای هەتا هە
بێ‌کەس‌و هەوالانی بێ‌کەسە لە نزیك گومەزی بابانەکان نێژرا.. مام
بێ‌کەس پیاوێکی نوکتەبازو قسە خۆش‌و مەجلس خۆش بووەو زۆر حەز
لە (مەی) کردووە... چاونەترس‌و ئازاو دلێرو نەبەز بووە، تەنگ‌و چەڵە
لە ژیاندا زۆر دیوەو هەمیشە وەك مرۆڤێکی خاوەن (فەلسەفە)یەکی تای
بووە، داوای پایەو‌پلە لە دەوڵەمەندی نەکردووە؛ هەر بەخەیالیشیا نەهات
هەردەم بە سەربەرزی ژیاوەو لە ڕێگای گەل‌و نیشتمان لای نەداوەو دوو
ڕارا نەبووەو خۆی‌و شیعرەکانی بۆ کوردو کوردستان تەرخان کردووە.

زۆر جار سەفەری بۆ بەغدا کردووەو سەری لە خوالێخۆشبو مام
(بەشیر مشیر) داوە کە ئەوسا بەرگ دروو بووە، شیاوی باسە کاتێ کە بێ‌ک
گەیشتۆتە لای گورج قاتێکی تازەی بۆ هەڵبڕیوەو دووریویەتی‌و بێ‌کە
پێ‌پۆشتە کردووە... مامۆستا بەشیر مشیر تەنیا هەر بۆ بێ‌کەس قاتی پێشک
نەکردووە بگرە بۆ زۆر قوتابی کوردی هەژار کە لە بەغدا وەك خوێندکار
خوێندویانە... مامۆستا بەشیر مشیر قاتی بۆیان‌کردووەو پارەشی پێ دا
چونکە بەشیر مشیر ئامانج‌و ئاواتی ئەوەبووە کە کورد لە ڕو
خوێندەواری‌یەوە پێش‌بکەوێت‌و نەوەکانی ببنە خاوەن زانیاری‌و بە
نەخوێندەواری داردرن‌و هەر بۆیە مامۆستا وەك (بەشیرست) خزمەتی قوتا
هەژارە کوردەکانی کردووە بە پارەو ماڵ‌و بەرگ‌و تەمێ‌و... لە فەلس
کوردایەتی‌یەکەی بەشیرست نزیك بووەو مامۆستا بەشیر کە دەی‌بینی دڵی
دەکرایەوەو گوێی لە شیعرە بلێسەدارەکانی دەگرت‌و دڵی خۆی پێ‌ف
دەکردەوە... چونکە شیعرەکانی بێ‌کەس کە پڕ بوون لە کوردایەتی لەگ
فەلسەفەی مامۆستا بەشیردا دەگونجاو لەتای یەك تەرازوودا هاوکێش بوون

مامۆستا بێ‌کەس جارجارەش لە شاری سلێمانی دوور دەکەوتەوەو لە
هەندێ هۆی تایبەتی جارێکیان لە دەوروبەری ساڵی ١٩٣٦دا لەگ
برادەرێکی گیانی بە گیانی خۆی کە ناوی کاك حەمەسعید فتاح بووە ڕوو دە
ئەشکەوتەکانی چەمی ڕیزان نزیك دێی (عەواڵان) لە (سولقاوشان) ماونەت
لەوێ جۆگایەك هەڵدەبەستن‌و ڕۆژانە خۆیان خەریك کردووە، ئەو جۆگای
ئێستاش هەرماوەو وەك (تاڤگە) وایە.

بێ‌کەس وەك شاعیرێکی نیشتمان پەروەر ترسانی لا نەبووەو بیرو باوەڕەک
هەر بەهێزتر بووەو بە توندی دژی کاربەدەستەکانی ئینگلیز ڕاوەستاوە کە چ

وشبو شێخ مەحموودی حەفید بە چەك بەڵام مامۆستا بێ‌كەس بە
لە وكاتە كە زۆر كەس خوا خوای ئەوەیان بووە كە ئینگلیزەكان
ان رازی بن ئەوەك (مەرحەبایان) لێ بكەن. چەند جار ئینگلیزەكان
بۆ بێ‌كەس ناردووە، بۆ وەزیفەی باش‌و پارە.. بەڵام بێ‌كەس
شتی كردوون... باشترین نموونەشمان بۆ ئەمە شیعرە بە ناوبانگەكەیەتی
وبەرووی ئەدمۆنز حاكمی سیاسی بەریتانی وتوویەتی‌و ئەمەش
كێتی دەڵێ:—

حەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم
ناوو جل‌و بەرگی خۆم
كردی لە ئێران‌و رۆم
ری تۆ شكاوە ئەستۆم
هێشتا هەردیل‌و رەنجەڕۆم
چی‌بوو بەم دەردەت بردم؟!
بەناهەق وا سوكت كردم؟!

مۆستا بێ‌كەس لە بزوتنەوەی نیشتمانی‌و كوردایەتی زۆر نزیك بووەبە
(ژ. ك.)و (پ. د. ك.)و... راپەرینەكەی گەلی عیراق بە كوردو
ەوە لە ساڵی ١٩٤٨دا كە بێ‌كەس شیعرە بەناوبانگەكەی داناوە كە
ئازادی)یە باشترین نموونەیە لە بزوتنەوەی كوردایەتی هاوچەرخ.
كۆپلەیەكێتی:—

ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ
خۆیی بێ فیداكاری ئەبەد سەرناگرێ
بێ بۆ سەندنی حەقق لە مردن سڵ نەكا
ۆحی بەس نی‌یە، تاكوو نەسەنرێ، نادرێ
ئەگەر چی موددەتێكە دیل‌و داماوە، بەڵام
ت بێ رۆحی مللی هەرئەمێنێ، نامرێ.

كەس عەرەبی‌و فارسی‌و تارادەیەك ئینگلیزیشی زانیوە. زۆر شیعری
لە بەربووە. دەشڵێن (معلقاتی سبعە)ی تێكرا لە بەربووە... هەر وەكو
مامۆستا بێ‌كەس زۆر قسە خۆش‌و نوكتەبازو گاڵتەچی بووە كە ئەو ساكە
و دانیشتوانی شار باوبووەو زۆر قسەی بە مانای داناوە بۆگاڵتەو

شەوچەرەی شەوانی درێژی زمستان. ووتەكانی دەماو دەم گێردراونەتەوەو كۆڕو كۆمەڵی پێ‌هاتۆتە جۆش‌و خروش‌و پێكەنین. هەر بۆنكتەش بە عارەبی جلفەش شیعری سكالای وتووە ئەمەش كۆپلەیەكێتی‌و دەڵێ:

قريت في جريدات ترفيعات طالعات
بـكـل دائـرات ماكو أبد مغدورات
امـا الانى فـسكين اكو ترفيع تأخيرات
مـعـاشاتى قـلـيلـة ثمانـيـة ديـنـارات
اذا أشترى حنطه دهن ماكو في كويات
مدير العام النفوس مـايشوف ألأحوالات

مامۆستا بێ‌كەس دوو ژنی هێناوە ژنی یەكەمی لە ساڵی ١٩٣٥دا. لە یەكەم ژنی یەك كچی بووە لە هی دووهەمیش دوو كچ‌و یەك كوڕی بووە..

دانیشتوانی دەشتی دزەیی لە ناوچەی هەولێر كە گاڵتەیان بە شتێ بێ دەڵێن (سەیرە لە هەمزەكۆر). پاش مردنی مامۆستا بێ‌كەس بە چەند رۆژێك لەلایەن دەزگای میری‌یەوە ئەمری لە ئیش دەركردنی دەردەچێت جا ئێمەش دەڵێین (سەیرە لە هەمزەكۆر).

مامۆستا بێ‌كەس پیاوێكی مەردو نەبەردو یەك رێگاو كورد واتەنی یەك دین بووەو خاوەن بەڵێن‌و قسەی خۆی بووەو شیعرەكانی‌و كردەوەی رۆژانەشی وەك یەك وابووە. بەڵێنەكانی كە دابووی تا دوا هەناسەی نەی‌شكاند. واتە شاعیرێكی پۆڵاین بووە، لە یەكێ لە شیعرەكانی‌دا دەڵێ:—

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم‌و شێوەتم بیركەوتەوە
وەختی بەندی‌یو ئەسارەت. پێیەتەوق‌و كۆتەوە
من لە زیكرو فیكری تۆ غافل نەبووم واتێ نەگەی
حەپس‌و تێ‌هەڵدان‌و زیللەت تۆی لە بیر بردۆتەوە.

مامۆستا بێ‌كەس شاعیری كوردی بێ‌كەس وەك نێزە دەچووە ناو چاوی ئەو كەسانەی كە لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەل كۆڵیان دەداو پاكانەیان بۆ دوژمنانی گەل دەكرد وەك ئەو وەفدە شومەی كە لە شاری سلێمانی‌یەو بەرەو بەغدا كشان‌و بۆ پاكانە كردنی خۆیان‌و بەزینی هەتا هەتایی‌یان‌و بەڵێن‌دان بە (دەربار) كە ئیتر جارێكی تر نەچنەوە ریزی گەل. ئەوەبو پیرەمێردی نەمر بە شیعرەكەی ئابرویان دەباو بێ‌كەسەكەی كوردیشمان دەیكا بە پێنج خشتەكی‌و ئابرویان پتر دەباو دەیانكاتە عیبرەت بۆ هەموو خۆ فرۆشێك كە لە دژی گەلەكەی

راوەستێ. هەر چەندە دەی‌خوێنییەوە تامو چێژی پتر لێ وەردەگری‌و هەر لەو شیعرەشیا توانای سیاسی‌و دڵسۆزی‌و شاعیریەتی بێ‌کەس دەتوانی دەستنیشان بکەیت. ئەمەش کۆپلەیەکێتی: - بێ‌کەس دەڵێ: -

**قەدری میللەتتان بە جارێ شکان**
**نە حەیاتان ما، نە ناوو نیشان**
**باری تەعنەتان واهاتە سەرشان**
**وەفدی کوردستان! میللەت فرۆشان**
**هەرزەوەکیلی شاری خامۆشان!**

هەروەها بێ‌کەس دەڵێ:

**تاقمێ رێك خەن زۆر بەپڕلاق**
**بە بەزمو رەزمو ئاهەنگ‌و ساق**
**بۆ ئەوەی بکەن دەفعی مەراق**
**بیبەنە بەردەم عەرشی عیراق**
**بڵێن یار باق. هەم سوحبەت باق**

هەروەها بێ‌کەس وەك شێری ناو بیشە دەم هەڵدێنێتەوەو هاوار دەکاو دەنەڕێنێ‌و دەڵێ:

**هاوار بە ماڵم چیهان پێ‌کرا**
**لە چارەکێکا صەدمان لێ‌خرا**
**هێشتا خەڵاتیان ئەکەن بە بەرا**
**دەك خەجالەت بن لە رۆژی مەحشەرا**
**ئیمەیش خاکی غەم ئەکەین بەسەرا**

هەروەها بێ‌کەس دەڵێ:

**میللەت مەتینە عەزمی نانەوێ**
**لە غایەی بەرزی خۆی هەر ناکەوێ**
**لەت‌و پەت کرێ حوقوق ئەوی**
**من رەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوێ**
**مژدەی شەفەق لێ دەر ئەکەوێ**

بێ‌کەسی خواڵێخۆشبوو هەمیشە لەگەڵ ئازاری گەلەکەیدا خۆی گر...
دابوو بێ‌ئەوەی ساتێ لێ‌ی دوورکەوێتەوە هەمیشە مێشکی لاوانی کوردی...
بیرو باوەڕی کوردایەتی زاخاو کردووە. ئەوەتا بە بۆنەی لە سێدارەدانی چو...
ئەفسەرە کوردەکەی کە بەشداریان لە شۆرشی کوردستانی ئێران کردبوو...
پاش گەڕانەوەیان کاربەدەستانی ئەوسا بە نامەردانەو بێ ئەوەی گوێ بدەن...
میللەت بێ‌شەرمانە لە شەوی ۱۹ی حوزەیرانی ساڵی ۱۹٤۷ لەسێدارەی‌دان...

مێژوو هەتا هەتایە ئەو لەکە نامەردی‌یەیان بۆ دەنووسێتەوە ئەوە بوو جەنازە...
دوو شەهیدیان هاورد بۆوە بۆ سلێمانی شاری هەڵمەت‌و قوربانی‌و بێ‌کەس...
راستە شەقامەکەی بەردەرکی سەرا دەی‌نرکاندو بەم پارچە شیعرە ئاگر...
خەفەکراوی باوەشێن دەکردو دەی‌گەشاندەوەو دەیگوت:

**قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەرروی زەمین**
**میللەتێکی قارەمانن هەر ئەبێ سەربەست بژین**
**میللەتێ لاوی لە رێگەی سەربەخۆیی نیشتمان**
**بێتە بەر سێدارە. بێ‌ترس. دەم بەخەندەو پێکەنین**
**قەومی وا نامرێ ئەژێ با دوژمنی هەر شەق بەرێ.**

مامۆستا بێ‌کەس سەرەڕای شیعرو هەڵبەستی کوردایەتی‌و مەردایەتی...
شیعری کۆمەڵایەتی‌و هەستی دەروونی خۆیی‌و شیعر بۆمناڵان‌و سرودو... هەر وەل...
لەم کۆپلەیەی خوارەوە کە بێ‌کەس دەڵێ:

**خوایە وەتەن ئاوا کەی**
**چەند دڵگیرو شیرینە**
**دەشتی خۆش‌و رەنگینە**
**ئاوی کەوسەرە خاکی گەوهەرە**
**پڕ لە گوڵ‌و نەسرینە**

لە کۆتایی‌دا دەڵێم با هەر شیعرەکانی مامۆستا بێ‌کەس ناودارتر بێت‌و ل...
گوێ‌ی هەموو دڵسۆزێکی ئەم کوردستانەدا بزرنگێتەوەو... خۆیشی جێگای...
ناوەراستی بەهەشت بێت.

تێبینی: بۆ نووسینی ئەم باسە سوودم لە دیوانەکەی بێ‌کەس وەرگرتووە، کە کاك محەمەدی مەلا کەری...
رێکی خستووەو سەرەتای بۆ نووسیوەو سەرپەشتی لە چاپدانی کردووە...